
# بارودۆخی ئافرەتان و منداڵانی کەرکووک لە مەترسیدایە

پارێزگای کەرکووک و دەوروبەری دوای خیانەتی ١٦ی ئەکتۆبەر کەوتە ژێر رکێفی حەشدی شەعبی و سوپای عێراقی فیدراڵ، کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و لەدەستدانی دەسەڵاتی هێزە کوردستانییەکانیش لە شارەکەدا وای کردووە جگە لە دووبارەکردنەوەی تەعریبی بەعسی و هاوردەکردنی عەرەب بۆ شارەکە، ئافرەتان و منداڵان بەتایبەتی رووبەڕووی زۆر تاوان و کردەی نامرۆڤانە ببنەوە. هەر لەو ماوەیەدا و دوای داگیرکردنەوەی کەرکووک، رێکخراوەکانی ئافرەتان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لەو شارەدا نەیانتوانیوە لە کاروچالاکییەکانیان بەردەوام بن، ئەوەش بە هۆکارێك دادەنرێت کە ئاستی پێشێلکارییەکانی مافی ئافرەتان و منداڵانی بەرز کردووەتەوە. بەپێی ئامارەکانی لقی کەرکووکی رێکخراوی هیوای عێراقی، رێژەی دیاردەی فرۆشتنی و ناپاکیی هاوسەرێتی و توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و منداڵان لە کەرکووك بەرز بووەتەوە. هێما بۆ ئەوەش دەکەن کە بەهۆی کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانە لەلایەن حەشدی شەعبی و هێزە عێراقییەکانەوە زۆرجار هاوسەرگیری و تەڵاقدان لە دەرەوەی دادگا ئەنجام دەدرێت و هیچ یاسایەك بۆ پاراستنی ئافرەت و منداڵان جێبەجێ ناکرێت، چالاکانی سیاسی و مەدەنیی شارەکەش جەخت لەوە دەکەنەوە کە کەرکووك لە دوای ١٦ی ئەکتۆبەرەوە بە شێوەیەکی نائاسایی و نایاسایی بەڕێوە دەبردرێت. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گۆڤاری گوڵان زیاتر دۆخەکە هەڵدەسەنگێنن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



سەرەتا ویداد حەمید بەرپرسی لقی کەرکووکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، باسی ئەوە دەکات کە دۆخی کەرکووك بەتایبەتی بۆ خێزانی کورد دۆخێکی زۆر پڕئازار و سەختە، چونکە زۆر خێزانی کورد لە ناوماڵی خۆیان دەرکراون و خێزانی عەرەبی هاوردەیان لە ناو موڵك و ماڵی کورددا نیشتەجێ کردووە. هەر لەوبارەیەوە دەڵێت: «لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری نەگریسەوە خەڵکی چەوساوەی شاری کەرکووکی دڵی کوردستان جگە لەوەی بۆتە شارێکی عەسکەرتاری و بە ئاشکرا رۆژانە میلیشاکان بە بیانووی جۆراوجۆر سەرانە باج و لە خەڵك وەردەگرن، زۆر خانووشیان بە زۆرەملێ بە ماڵە کوردەکان چۆڵ کردووە و عەرەبی شیعە لە جێگای ئەوان جێنشین کراون. ئافرەتان و منداڵانی کوردیش لەو کردارە نامرۆڤانەیە پشکی شێریان بەرکەوتووە.» گوتیشی: «منداڵانی بێ سەرپەرشت لە ئیستادا هیچ شوێن و جێگایەکی حەوانەوەیان بۆ نەماوە و بە بەردەوامی لە ژێر چەوسانەوە و ئازاردان، تەنانەت میلیشیاکان دەستدرێژی دەکەنە سەر منداڵانی خوار تەمەن ١٥ ساڵان و زۆر تاوانی گەورەی دژی مرۆڤایەتی ئەنجام دەدەن. عەرەبی حەویجە و دەوروبەری کەرکووك رۆژانە دەگوازرێنەوە بۆ ناو ماڵە کوردەکانی کەرکووك و شارەکە هیچ جێگایەکی ئارامی تیا نەماوە. رۆژانە ئافرەتان ئازار و ئەشکەنجە دەدرێن و رووبەڕووی مردن و مەرگ دەکرێنەوە. بەداخەوە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر هیچ رێکخراوێکی ئافرەتان، یان ناوەندێکی دژ بە توندوتیژیی بەرامبەر بە ئافرەتان لە کەرکووکدا نەماوە و هەموو کار و چالاکییەکانیان وەستاندووە.»

ویداد حەمید لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا جەختی لەوە کردەوە «کەرکووك دۆخێکی نائاسایی و نایاسایی و سەربازیی هەیە و ئافرەتان و منداڵانیش قوربانیی سەرکیین ئەو دۆخەن، بۆیە زۆر پێویستە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەرگریکارانە داکۆکی لە ئافرەتان و منداڵانی چەوساوەی ئەم شارە بکەن.» گوتیشی: «کەرکووك و کێشەی شارەکە زۆر هەستیارە و لە ئێستادا پێویستە بە هەماهەنگیی هەر دوو حکومەتی هەرێم و بەغدا بەڕێوەببردرێت، هەر بۆیە داواکارین هەرچی زووە سەرجەم لایەنەکان هەوڵی گەڕانەوەی ئارامی بۆ شارەکە بدەن، چونکە کەرکووك شارێکی فرەنەتەوەیە و شاری سەرجەم پیکهاتەکانە و لە دێرزەمانەوە شاری پێکەوەژیان بووە و دەبێت ئەو سەروەرییەی



بۆ بگەڕێتەوە و دانیشتووانی رەسەنی شارەکە لە عەسکەرتاریەت و زوڵم و زۆری میلیشیاکان رزگار بکرێن.»

رۆژنامەنووس مەریوان حەکیم جەباری، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بە هیچ جۆرێك ناتوانین بارودۆخی ئافرەتانی کەرکووك لەگەڵ شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بەراورد بکەین، چونکە تاکو ساڵی ٢٠٠٣ ئافرەتانی کەرکووك لەژێر دەستی رژێمی داگیرکاری بەعس چەوساونەتەوە و سەرکوت کراون، لە دوای ئازادیی کەرکووکیش شەڕ و ماڵوێرانی بەرۆکی ئەو شارەی بەرنەداوە، ئەمەش وایکردووە بەرەوپێشچوونی ئازادیی رادەربڕین و هەوڵدان بۆ کەمبوونەوەی خەمەکانی ئافرەتان زۆر سست بێت و دەرگاکان نەکرێنەوە و پەنجەرەکان هەر داخراو بن، لە ئێستاشدا و لە دوای رووداوەکانی شازدەی ئۆکتۆبەرەوە رەوشەکە زۆر خراپتر بووە و ئافرەتانی کەرکووك پتر دەچەوسێندرێنەوەو مافە سەرەتاییەکانیان زیاتر پێشێل دەکرێت. حکومەتی عێراقی نەك کەمتەرخەمە، بگرە زۆر تاوانبارە بەرامبەر ئەم بابەتە هەستیارە، چونکە لە هەموو وڵاتێکدا مرۆڤ تاوانی بەرامبەر بکرێت، پەنا دەباتە بەر یاساو بنکەی پۆلیس بە پارێزەری ماڵ و ژیانی دەزانێت، بەڵام لە تازەترین رووداوی شاری کەرکووك ئەفسەرێکی پۆلیس دەستدرێژی سێکسی دەکاتە سەر کچێکی هەرزەکار و بە ئۆتۆمبێلی ژمارەی حکوومی ئەو تاوانە ئەنجام دەدات. بەداخەوە لە رووی میدیایی و کاری رێکخراوەیی بایەخێکی وا بەم تاوانە گەورەیە نەدرا، رێکخراوەکانی ئافرەتان و کۆمەڵگەی مەدەنییش نوتقیان لێوە نەهات.»

مەریوان حەکیم جەخت لەوە دەکاتەوە کە «رەوشی منداڵان لە کەرکووك تا دێت بەرەو خراپی دەڕوات، هیچ هەوڵێکیش بۆ چارەسەری ئەم دۆخە نادرێ.» هاوکات دەڵێت: «ئەگەر چاوێك بە کەرکووکدا بگێڕیت، دەبینیت منداڵان بێبەرین لە ژیانی ئاسایی منداڵبوونیان، لە مافەکانی خۆیان بێبەرین و لە کارگە و شوێنەکانی بەرهەمهێنان منداڵ کاری قورس و مەحاڵیان پێ دەکرێت، یان ترافیکلایت و بازارەکان بوونەتە جێگەی پەیداکردنی بژێوی ژیانی ماڵێك لە رێگەی منداڵەکانیانەوە، بەداخەوە شەڕی داعش و هاتنی ئەو ئاوارە عەرەبانەی دەشتی حەویجە کاریگەری تەوای لەسەر پەروەردەی منداڵانی کەرکووك هەبووە. رەنگە ئەگەر زوو بەخۆ نەیەنەوە، ئەم کاریگەرییانە پەرە بسێنن و ئاسەوارەکانی درێژخایەن بن، چونکە رۆژانە دەیانی تاوانی دزیکردن و دەستدرێژی تۆمار دەکرێن، کە منداڵان و مێرمنداڵانی لەخوار تەمەنی یاساییین، بەداخەوە لە کەرکووکدا هیچ شوێنێکی وا نییە تاکو منداڵان رووی تێ بکەن و ساتێك بە ئاسوودەیی ژیانی تێدا بگوزەرێنن و لە دنیا پڕجوانییەکەی خۆیاندا بژین. ئەمە بێگومان کاریگەری لەسەر دەروونی منداڵان هەیە. رێژەی ئەو منداڵانەی لە کەرکووك واز لە خوێندن و قوتابخانە دەهێنن، زۆر زیاترە لە شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، ئەمەش بۆ خراپیی بژێوی ژیانی خێزانییان دەگەڕێتەوە کە بەناچاری ئەو منداڵانە دەخرێنە بەر کار، یان بێ ئومێد بوون لە خوێندن و ئایندەی منداڵەکانیان، چونکە بە هەزارن گەنجی کەرکووك لە زانکۆ و پەیمانگاکان دەرچوون و دانەمەزراون، یان هەلی کاریان بۆ نەڕەخساوە، بە جۆرێك کە هەندێکیان نزیکەی دە ساڵ دەبێت خوێندنیان تەواو کردووە، بەڵام بێکارن و هیچ هەوڵێکی حکومەت و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤیش بۆ چارەسەری ئەم مەترسییانەی سەر ئایندەی منداڵ لەئارادا نییە.»

ئەو رۆژنامەنووسە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە «دەیان رێکخراوی بەناو ئافرەتان و منداڵان لە کەرکووك بوونیان هەیە، کە سەر بە نەتەوە جیاوازەکانی شارەکەن، بەڵام هەندێکیان تەنیا ناوێکن و هیچ پرۆژە و پلانێکیان بۆ خزمەتکردن نییە، ژمارەیەکیشیان کارەکانیان تەقلیدین و تەنیا بۆ خۆدەرخستن و خۆناساندنی خۆیانە و هیچ خزمەتێکی ئەوتۆیان بەو شارە نەکردووە، نەشیانتوانیوە فشارێك لەسەر حکومەت و دادگاکان دروست بکەن بکەن لە مەلەف و کەیسی تاوانێکی دەرهەق بە ئافرەتان و منداڵان، لە کاتێکدا رۆژانە گوێبیستی تاوانی گەورەو قێزەون دەبین و چیرۆکی تراژیدیای ئافرەتانی کەرکووك دەبیستین.» گوتیشی: «میدیا و رێکخراوەکان نەیانتوانیوە کۆمەڵگە بەرامبەر بە گەورەیی ئافرەت و خۆشەویستی منداڵ و برایەتی نەتەوەکان وشیار بکەنەوە، کە ئەوانە رۆڵێکی گرنگیان لە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە هەیە، ئەوەش کاری لەپێشینەی میدیا و رێکخراوەکانە کە تا ئێستا بەداخەوە کاری جددی لەسەر نەکراوە، هیچ هەوڵێکی لەو جۆرەش سەرکەوتوو نەبووە، چونکە پلان و بەرنامەی لەپشت نەبووە. بەڕای من نەك رێکحراوەکانی نێو شاری کەرکووك، میدیاکانی کوردستانیش کەمتەرخەمن لەئاستی منداڵ و ئافرەتانی ئەم شارە و نەیانتوانیوە ببنە

**بەپێی ئامارەکانی لقی کەرکووکی رێکخراوی هیوای عێراقی، رێژەی دیاردەی فرەژنی و ناپاکیی هاوسەرێتی و توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و منداڵان لە کەرکووک بەرز بووەتەوە**

**زۆر خێزانی کورد لە ناوماڵی خۆیان دەرکراون و خێزانی عەرەبی هاوردەیان لە ناو موڵک و ماڵی کورددا نیشتەجێ کردووە**

**منداڵانی بێ سەرپەرشت لە ئێستادا هیچ شوێن و جێگایەکی حەوانەوەیان بۆ نەماوە و بەردەوامی لە ژێر چەوسانەوە و ئازاردان**



دەنگی کەرکووکییەکان و دەنگیان بڵند بکەن.»

پەیمان تەها ئەندامی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، وەك کەرکووکییەك رای وایە: «ئافرەتانی کەرکووك لە بواری سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی کەمترین رۆڵیان پێ دراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بو چەندین هۆکار، لەوانە: هۆکاری کۆمەڵایەتی و پەراوێزخستنیان لەلایەن پیاوانەوە، کە زۆربەی پیاوان پێیان وایە ئافرەتان رگەزێکی لاوازن و تواناکانیان سنووردارە و ناتوانن هەمان رۆڵی پیاوان ببینن لە راپەڕاندن و ئەنجامدانی چالاکی و بەتایبەتی ئەرکە سیاسییەکاندا، ئەمە سەرباری چەندین کۆت و ریگر لە بەرامبەر چالاکی و تێکۆشانی ئافرەتاندا وەك: دابونەریتی باوی کۆمەڵایەتی و خوێندنەوەی جیاواز بۆ دەقە ئایینییەکان و نەناسینی بەهاکانی مافی مرۆڤ، کە هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی مافی ئافرەتان لە کۆمەڵگەدا پێشێل بکرێت، ئەمەش پاشخانێکی مێژوویی دوورو درێژی هەیە، کە لێرەدا جێگەی باسکردنی نییە. هەروەها نەبوونی متمانە لەلایەن خودی ئافرەتانەوە بە تواناکانی خویان، کەمتەرخەمی لە برەودان بە تواناکانیان لە گشت بوارەکان، بەتایبەتی لەو بوارانەی کە تێیدا بەهرەمەندن، هاوکات کەمتەرخەمیی دەزگاکانی راگەیاندن (بیستراو، بینراو، خوێندراو) لە ناساندنی تواناکانی ژنان و کچان و بێباکی لە برەودان بە تواناکانیان و نەبوونی پێگەیەکی بەهێزی ئابووری و سەربەخۆنەبوون لە بواری ئابووری، ئەمانە وای کردووە هەمیشە ئافرەتان چاویان لە دەستی پیاوان بێت لە دابینکردنی پیداویستییەکانیان.» سەبارەت بە بارودۆخی منداڵانیش لە شاری کەرکووك گوتی: «بارودۆخی منداڵانی شارەکە لە ئاستیکی زۆر خراپ و مەترسیداردایە، بە جۆرێك سەدان منداڵ بە هۆکاری جیاواز و زیاتر بە مەبەستی دابینکردنی بژێوی ژیانی رۆژانەی خێرانەکەیان لە سەر شەقامەکانن، کە زۆر جار تووشی گرفتی کۆمەڵایەتی دەبن. هەروەها بە هۆی دەسەڵاتی سەربازی و میلیشیایی لە کەرکووك و نەگەڕانەوە بۆ یاسا، تاوانە کۆمەڵایەتییەکان دەر حەق بە ئافرەتان و منداڵان بەتایبەتی زیاتر بووە. واتە هێزێك لە کەرکووك و ئەو ناوچانە بڵاو بووەتەوە کە هۆکاری نەهامەتی و توندوتیژین لە شارەکەمان و لە دوای ١٦ی ئەکتۆبەر کەرکووك بێ یاسا و بێ دەستوور بەڕێوەدەبرێت و تاوانەکانیش لە بەرزبوونەوەدان، بەڵام پێشتر بە هۆی بوونی هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە بەردەوام لەو شارە بەردەوام چالاکیمان هەبووە و هەوڵەکانیش بە ئاراستەی نەهێشتن و کەمکردنەوەی تاوانەکان بوو.» گوتیشی: «ڕێکخراوەکانی ژنانی سەر بە حزبە عەرەب و تورکمانەکانی کەرکووك، ئەوەندەی لە خەمی کۆکردنەوەی جەماوەر و دەنگی حزبیدا بوون، لە خەمی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان و منداڵان نەبوون، واتە هەوڵەکانیان زیاتر بۆ دابڕانی کەرکووك لە خاوەنی رەسەنی بووە کە کوردە و هەوڵی نکۆڵیکردن لە کوردستانیبوونی کەرکووکیان داوە و هەموو پرسێکی مافەکانی ئافرەتان و منداڵانیان پەراوێز خستووە.»

**میلیشیاکانی عێراقی دەستدرێژی دەکەنە سەر منداڵانی خوار تەمەن ١٥ ساڵان و زۆر تاوانی گەورەی دژی مرۆڤایەتی ئەنجام دەدەن**

**لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر هیچ ڕێکخراوێکی ئافرەتان، یان ناوەندێکی دژ بە توندوتیژیی بەرامبەر بە ئافرەتان لە کەرکووکدا نەماوە و هەموو کار و چالاکییەکانیان وەستاندووە**

**لە دوای ڕووداوەکانی شازدەی ئۆکتۆبەرەوە ڕەوشەکە زۆر خراپتر بووە و ئافرەتانی کەرکووک پتر دەچەوسێندرێنەوەو مافە سەرەتاییەکانیان زیاتر پێشێل دەکرێت**

کرێکاری خزمەتگوزار ڕەفعەت حەمەد:

# کەناسی پیشەیەکی پیرۆزە، چونکە خزمەتی هاووڵاتی دەکات



**هەر کارمەند و کرێکارێکی خاوەن مووچە (بە فەرمانبەر و بەڕێوەبەرەوە) پێویستە کاری پێ سپێردراوی بە باشی جێبەجێ بکات، ئەوەش هیچ منەتێکی تێدا نییە، بەڵام ئەوەی زیاتر لە ئەرکی خۆی کاردەکات، بەتایبەتی ئەوانەی خۆبەخشانە و دڵسۆزانە کاری زیاتر لە ئەرکی خۆیان دەکەن، پێویستە هەم خاوەنکار و هەم هاووڵاتی سڤیل ڕێزیان بگرن. ڕەفعەت حەمەد ئیسماعیل لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٤ـە و کاری کەناسی دەکات. وەك کەسێکی ژینگەپارێز و کرێکارێکی خزمەتگوزار جگە لە ئەرکی ڕۆژانەی، بە شەویش (بە بێ بەرامبەر و بە شێوەیەکی خۆبەخش) زبڵ و خاشاکی چەند گەڕەکی هەولێر کۆدەکاتەوە، لەم دیدارەشیدا لەگەڵ گوڵان باسی خەون و ئاوات و ئاریشە و کێشەکانی خۆی دەکات.**

## گوڵان: کۆمەڵایەتی

کڵاوەکەی و جووتێ دەستەوانە و ئەو بەرگە فسفۆرییەی بە سەر جلەکانیدا لەبەری کردووە، لە دوورەوە سەرنجی خەڵك ڕادەکێشن. ئەوە دیمەنی ڕەفعەت حەمەد ئیسماعیل بوو. ئەو گەنجێکی تەمەن ٣٥ ساڵە و وەك خۆی باسیکرد، لەگەڵ دایك و برایەکی بچووکی پێکەوە دەژین و هێشتا ژیانی هاوسەریی پێکنەهێناوە. ڕەفعەت کرێچیە و مانگانە ١٥٠ هەزار دینار کرێی خانوو دەدات. هەرکەس سەردانێکی گەڕەکی (هیران سیتی ١ لە جووت سایدی لاوان)ی هەولێری پایتەخت بکات، مەحاڵە چاوی بەو مرۆڤە ژینگەپارێزە نەکەوێت. ئەو گەڕەکەی کە خۆی تێیدا نیشتەجێیە، بە تاکی تەنیا بە ڕۆژ و بە شەو کاری تێدا دەکات و زبڵەکانی کۆدەکاتەوە. بە هەوڵ و ماندووبوونی ئەو خۆنەویستە، گەڕەکەیان یەکێ لە خاوێنترین گەڕەکەکانی شارە و خەڵکی گەڕەکیش شاهیدی بۆ ماندووبوونی ئەو گەنجە دەدەن. ڕەفعەت کەسێکی کەمدوو و پڕکارە. هەرگیز دەست لە کەس پان ناکاتەوە، تەنانەت ئەوانەی پارەیەکی کەمی وەك بەخشش پێ دەدەن، بە زۆر وەری دەگرێت.

ڕەفعەت سەبارەت بە کاری کەناسی و خاوێنکردنەوەی ژینگە لە زبڵ دەڵێت: «کەناسی پیشەیەکی پیسە، بەڵام زۆر پیرۆزە، چونکە خزمەتی هاووڵاتی دەکات.» سەبارەت بە کارەکەی خۆیشی ئاماژە بەوە دەکات کە «جگە لە کاتەکانی نانخواردنی ژەمەکان و نووستن لە درەنگانی شەوادا، بە ڕۆژ و شەو لە دەرەوەی ماڵە و کاری خاوێنکردنەوە دەکات.» هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «کاتێك زبڵ دەبینم لە ناو گەڕەك بڵاو بووەتەوە، زۆر خەم دەخۆم، هەندێ هاووڵاتی زۆر کەمتەرخەمن، دەبەی ئاو، عەلاگە، قووتی ساردی و زۆر شتی تر لە ناو کۆڵان و شەقام فڕێ دەدەن. بەڕاستی کۆڵان و شەقامیش وەك ماڵی خۆمان دەبێت بپارێزین. چۆن ئەگەر ناوماڵێك خاوێن نەکرێتەوە، ئەندامانی ئەو خێزانە تووشی زۆر نەخۆشیی دەبن، ئەگەر کۆڵان و شەقامیش خاوێن نەکرێتەوە و هەر زبڵ و پیسایی تێدا بێت، ئەوا شارەکە ڕووبەڕووی زۆر مەترسی دەبێتەوە، ئەوە جگە لەوەی کە زبڵ ئەگەر وشکیش بێ و هەڵگری نەخۆشی و مەترسی بۆ باری تەندروستیش نەبێت، دیمەنی ژینگەکە پیس دەکات. خاوێنی دڵ ئاسوودە دەکات، دیمەنی بەرچاو جوان دەکات و ئەوش سوودی بۆ باری دەروونی مرۆڤ هەیە.»

ڕەفعەت لە خوێندن بێبەش بووە و هەر لە منداڵییەوە ناچار بووە بە هۆی بێ سەرپەرشتی کار بکات. پێداگری لەسەر ئەوەش دەکات کە «ماندوویی مانای نییە، ئەوەی کارەکەی خۆش بوێ، بۆ وەرگرتنی بەخشش و پاداشت کار ناکات، کاری خۆی دەکات و خوای گەورە لە خۆی ڕازی دەکات.»

**چۆن دکتۆر بێز لە نەخۆشی خۆی ناکاتەوە، ئێمەش بێز لە زبڵ و پیسایی هاووڵاتی ناکەینەوە و خاوێنی دەکەینەوە**

ئەو گەنجە دڵپاکە گلەیی لە هەندێ هاووڵاتی هەیە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «بەداخەوە هەندێ لە ئافرەتان داییبی منداڵی ساوای خۆیان لە عەلاگە ناپێچنەوە، هەروا لێرە و لەوێ فڕێی دەدەن، پاککردنەوەشی دەکەوێتە ئەستۆی کەسانی وەك ئێمە، کە بەڕاستی زۆرجار تەندروستیمان دەخاتە مەترسییەوە، بەڵام چۆن دکتۆر بێز لە نەخۆشی خۆی ناکاتەوە، ئێمەش بێز لە زبڵ و پیسایی هاووڵاتی ناکەینەوە و خاوێنی دەکەینەوە. بەڵام هیوادارم هاووڵاتی هاوکاریمان بکات. بۆ ئەوەی پێکەوە بتوانین گەڕەك و شارێکی خاوێنمان هەبێت.»

**هیوادارم هاووڵاتی هاوکاریمان بکات، بۆ ئەوەی پێکەوە بتوانین گەڕەک و شارێکی خاوێنمان هەبێت**

ڕەفعەت وەك هەموو گەنجێك ئاواتی گەورەی هەیە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «هیوای گەورەم ئەوەیە هاوسەرگیری بکەم، خانوویەکم هەبێت و لە کرێچییەتی ڕزگارم بێت. بەڵام ئەگەر خوای گەورە ئەوانەشی پێ نەدام، هەر شوکرم و واز لە کارەکەشم ناهێنم. کارەکەم خۆش دەوێت و خوا بەو کارە ڕزقی داوم.»

**ماندوویی مانای نییە، ئەوەی کارەکەی خۆش بوێ، بۆ وەرگرتنی بەخشش و پاداشت کار ناکات، کاری خۆی دەکات و خوای گەورە لە خۆی ڕازی دەکات**